حکوومەتی هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی کۆیە
بەڕێوبەرایەتی کاروباری  یاسایی

KOYA UNIVERSITY

ڕێککەوت :
تۆماری گشتی :
تۆمار:

## بەڵێننامەی قوتابی / خوێندکار

پاڵپشت بەحوکمەکانی مادده (٥٠) لە یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە (٢٤) سالی (١٩٦٠) ی هەموارکراو، وە لەسەر بنەمای پێدانی موڵەتی خوێندن لەلایەن ( وەزارەتی / لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت :                                                  )

بۆ ماوەی (          ) ساڵ، بەپێی نووسراوی ژمارە (              ) لەرێکەوتی (   /   /  ٢٠) بۆ  بەدەست هێنانی بروانامەی (              ) لە زانکۆی (              ) کۆلێژی (              ) لە دەرەوەی / ناوەوەی کوردستان.

بەڵێن دەدەم پابەندی ئەم خاڵانەی خوارەوە بم :

1. دەستکردن بەخوێندن و پابەند بوون بەرێنمایی و فەرمانەکانی جێبەجێکراو لەماوەی خوێندنەکەم.
2. دوای وەرگرتنی مۆڵەتی خوێندن لە ماوەی (٣) سێ مانگ لە رێکەوتی دەست لەکار هەڵگرتنم لەکارەکەم، پشتگیری زانکۆ یان ئەو کۆلێژەی تیایدا دەخوێنم پێشکەش بەوەزارەت یان شوێنی کارەکەم بکەم بۆ دڵنیا بوون لەوەی کەدەستم بەخوێندن کردوە.
3. پابەند بوونم بەدەستکردن بەخوێندن لەو بابەتەی کەمۆڵەتی خوێندنم پێبەخشراوە بۆی، وە بەهیچ شێوەیەک زانکۆ و پسپۆری خوێندنەکەم ناگۆرم، بەبێ وەرگرتنی رەزامەندی و نووسراوی فەرمی وەزیری تایبەتمەند یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراو بەوەزارەت.
4. لە کۆتایی هەر ساڵێکی خوێندن پشتگیری ئەو زانکۆیەی تیایدا دەخوێنم پێشکەش بەشوێنی کارەکەم بکەم بۆ دڵنیا بوون لەوەی بەردەوامم لەخوێندنەکەم.
5. راستەوخۆ دوای تەواو بوونی خوێندنەکەم نووسراوی پشتگیری زانکۆکەم پێشکەش بە شوێنی کارەکەم دەکەم کەتیایدا هاتبێت بروانامەم بەدەست هێناوە.
6. دوای کوتاییهاتنی خوێندنەکەم دەست بکەمەوە بەکاری فەرمانبەریم و بەردەوام بم لەخزمەت کردنی لەسەر میلاکی حکومەت بۆ ماوەیەک کە لە دوو هێندەی ماوەی مۆلەتی خوێندنەکەم کەمتر نەبێت، وە بەپێی پێویستی راژەکەم و بەرژەوەندی گشتی ئامادەم لەهەر فەرمانگەیەکی حکومەت دابنرێم خزمەت بکەم.
7. ئامادەم کۆی گشتی ئەو مووچە و دەرماڵە و پارە و خەرجیانەی پێمبەخشراوە و یان وەکو هاوکاری بۆم خەرج کراوە بیگەرێنمەوە بۆ شوێنی کارەکەم (وەزارەت یان لایەنی نەبەستراو بەوەزارەت) کە وەرمگرتووە لەماوەی مۆڵەتی خوێندنەکەم، لەم حالەتانەی خوارەوە:

أ. ئەگەر هاتوو مۆڵەتی خوێندنەکەم هەڵوەشایەوە بەهۆی کۆتایی هێنان (فصل) یان دەرکردن (عزل) لەراژەکەم یان هەر هۆکارێکی تر.

ب. ئەگەر وازم لەخوێندن هێنا بەبێ رەزامەندی وەزارەت یان لایەنی نەبەستراو بەوەزارەت.

ت. ئەگەر ئەو بروانەمەیەم بەدەست نەهێنا کە داواکراوە بەپێی ئەم بەڵێننامەیە بەهەر هۆکارێک، جگە لە نەخۆشیەک کە رێگر بێت لە بەردەوامی خوێندن و ئەنجامدانی تاقیکردنەوە، ئەمەش دەبێت پشتگیری بکرێت بەراپۆرتی پزیشکی پەسەند کراو تایبەتمەند یان بارودوخێکی نەخوازراو (ظروف قاهرة) کە رێگر بێت لەوەی قوتابی یان خوێندکار لە خوێندنەکەی بەردەوام بیت.

ث. ئەگەر پابەند نەبووم بەخزمەت کردن لەسەر میلاکی حکومەت، دوای بەدەست هێنانی بروانامە یان دەستم لەکاری فەرمانبەری کێشایەوە (استقلت من الوظيفة) دوای تەواو بوونی ماوەی مولەتی خوێندنەکەم یان ئەو ماوەی کە پێویستە خزمەت بکەم بەپێی برگەی (٦) شەشەم لەسەرەوە ئاماژەپێکراو.

ج. ئەگەر دواکەوتم لە گەرانەوە یان دەستکردنەوە بەکاری فەرمانبەری دوای کۆتایی هاتنی ماوەی مولەتی خوێندنەکەم بەپێی ئەو ماوەی مولەتیم پێدراوە یان بە کوتایی هاتنی ماوەی درێژ کردنەوەی مولەتەکەم.

8. پاش تەواو بوونی خوێندن، زانکۆ بەپێی پێویست دەرچوان لەبەشەکان دادەنێ، هەربۆیە ئامادەم لە هەرشوێنێك بێ خزمەت بە زانکۆ بکەم (ئەم خاڵە تایبەتە بە مامۆستا و فەرمانبەرانی زانکۆی کۆیە).

واژوو:

ناوی سیانی بەڵێندەر:

ناونیشان:

ژمارەی مۆبایل :

پەسەندی ناوەرۆکی بەڵێننامە

ئامادە بوو لە پێشم بەڵێندەر (                    ) کە ناسراوە بەناسنامەی سەرەوە، وە دەقی ئەم بەڵێننامەیەم بۆی خوێندەوە ئەویش دانی نا بە ناوەرۆکی بەڵێننامەکە , دوای ئەوەی لە بەردەمم واژووی کرد وە منیش پەسندم کرد لە بەرواری (      /      /      ) .

ب. کاروباری یاسایی